

# بۆچی جیهان چاوپۆشیی لە شۆڕشگێڕە کوردەکانی سووریا دەکات؟

دەیڤد گرەیبەر

لە ئینگلیزییەوە: ئیمان سەلیم

*دەیڤد گرەیبەر: بیرمەند و مرۆڤناسێکی چەپی ئەمریکییە، لە ساڵی ١٩٦١ لەدایک بووە، ڕیشەدۆزیی و شیکارییەکانی لەمەڕ سەرمایەداریی و بیرۆکراسیی و ئەو ناودێرکردنەی بە ئانارشیست، هەر دەبوو بیکات بە دۆستی ئەو ئەزموونە خۆبەڕێوەبەرییەی وا بەپێی جیهانبینی ڕێبەر عەبدووڵا ئۆجالان لە ڕۆژئاوا تانوپۆی دەچنرێت و لەچێوە دەدرێت. ئەو ئەم ئەزموونە کوردییەی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هەڵژەنراو لە خوێن بە: ‹ئەزموونێکی دیموکراسی بەهادار و خاڵێکی گەشی نێو دۆزەخی سووریا› ناو دەبات. هەروەها سیستەمی پەروەردەی ئەم ئەزموونە بە ‹لەدایکبوونەوە› ناوبردە دەکات.*

گرەیبەر بە یەکێک لە مرۆڤناسە ئابوورییە دیارەکان هەژمار دەکرێت، بە پەڕتووکی ‹کارە پڕوپووچەکان: تیۆرییایەک› ڕەخنە لە پەرگاڵی سەرمایەداریی و کار و ڕەنجی ناکامی مرۆی نۆدەم دەگرێت و ڕیزێک کاری نێو جڤاک بە بێسوود و پووچەڵ ناو دەبات. هەروەها ساڵی ٢٠١١ بە پەڕتووکی ‹قەرز:٥٠٠٠ ساڵی سەرەتا›› ناوبانگێکی جیهانیی پەیدا کرد. گرەیبەر هاوکات ئەنترۆپۆلۆژیستیشە و تا ساڵی ٢٠٠٥ لە زانکۆی ڕیاڵ لە ئەمریکا مامۆستا بووە، بە وتەی خۆشی بە هۆی بیروڕای سیاسییەوە زانکۆکە لە ئەمریکا کاربەدەری کردووە. ساڵی ٢٠٢٠ماڵئاوایی لەم ژینە کردووە.

پاش ڕووداوەکانی سووریا و ئەزموونی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بە ڕێبەریتیی کورد، گرەیبەر یەکێک بوو لە داکۆکیکەرە پێکۆڵەکانی ئەم ئەزموونە و ساڵی ٢٠١٧ـەش سەردانی ئەو بەشەی کوردستانی کرد.

گرەیبــەر لــە گفتوگۆیەکدا ژنانــی شــەڕڤان بــە سەرنجڕاکێشــترین ڕەگــەزی نێو ئــەم شــۆڕش و پێکداپژانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانێت و ئەمــە بــە بیــر و ڕامانــی ڕێبــەر عەبدوڵــڵا ئۆجالانــەوە گــرێ دەدات.

هــەر لــەو گفتوگۆیــەدا دەڵێت: «ئــەوان (ڕۆژئــاوای کوردســتان) دەڵێن، گەرەکە هەمــوو ڕێکخســتنێک بەرگریی لە خۆی بکات، هەموو شــتێک لەم سرووشــتەدا دەبێت بەرگریی لــە خــۆی بکات»، هەروەهــا لــەو دیدارەدا شــەڕڤان و هێزەکانــی ســووریای دیموکــرات بــە کەســێتیی و ناوەنــدی دیموکــرات ناودێــر دەکات: «ئــەوان ڕێبەرەکانــی خۆیــان هەڵدەبژێــرن و شــەوان بۆچوون و ڕەخنەکانیــان لەمــەڕ مژارەکان دەخەنــە ڕوو... کەواتە هەمــوو ئەمانــە تاقیکردنــەوە و ئەزموونێکــی دیموکراســییە.»[1]

گرەیبــەر لــە وتارێکدا لــە ئۆکتۆبــەری ٢٠١٧ لــە ڕۆژنامــەی نیۆرک تایمــز یــادی مەمــەت ئاکســای هەڤاڵــی دەکاتــەوە، ئــەو ڕۆژنامــەوان و فیلمســازەی هەمــان ســاڵ لــە ڕەققــە شــەهید بــوو، وتارەکــە بــە نــاوی «دیموکراســیی بۆ ســووریا دەگونجێت، هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن»[2]ــە و لێرەدا گرەیبــەر شــیکاریی بۆ ئەزموونــی خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵارتــی ســووریا دەکات و جیاوازیــی گۆشــەنیگای سیاســیی لــە باشــوور و ڕۆژئــاوای کوردســتان بەربــاس دەدات، ئەویــش لــە ڕێــی هەوڵی باشووری کوردستان بۆ دەوڵەت و پڕۆژەی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیــی لــە باکــوور و ڕۆژهەڵاتــی ســووریا.

---

١- سوریە، آنارشیسم و بازدید از روژاوا، znetwork.org

2- Democracy Is Possible in Syria. My Friend Knew How, David Graeber, The New York Times

هەروەها هاوپەیمانیی ئەمریکا لەگەڵ ئەو هێزانەی لە ئانارشیزمەوە نزیکن (مەبەستی کوردە) بە کارێکی ناچارانە دەزانێت و دەڵێت: «ئەمە دۆخێکی مێژوویی سەیروسەمەرەیە، هەمیشە جەختم لەوە کردووەتەوە ئەمە هاوپەیمانێتییەکی سەربازییە نەک سیاسیی.» هەروەها لەم بەستێنەدا سیاسەتەکانی ئەمریکا ڕەخنەباران دەکات و دەبێژێت:

«حکومەتی ئەمریکا هەرگیز پشتی ڕۆژئاوای نەگرتووە تا ببێتە بەشێک لە پێڤاژۆی ئاشتیی لە سووریا، ئەوان هیچ پێگەیەکیان لە سەر مێزەکە نییە، هەرچەندە هەندێک پارتی سیاسیی لەسەر زەوی هەن، بەڵام نوێنەرایەتی هیچ کەس ناکەن...»

لە درێژەی شرۆڤەی ئەزموونی فیکریی و سیاسیی ڕۆژئاوادا دەبێژێت: «ئەوان ئانارشیست نین، بەڵام باوەشیشیان بۆ زۆر بیرۆکەی ئانارشیستیی گرتووەتەوە، ئەوان ئانارشیزم دەخوێننەوە، کەواتە لە پێگەیەکی ئانارشیستییەوە مادام دژەدەوڵەت و سەرمایەدارین، هەر ناوێک لە خۆیان بنێن، گرنگ نییە.»

گرەیبەر ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان بە بزوێنەری شۆڕشی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەزانێت، تەنانەت کاتێک لە ڕۆژئاوا گەڕایەوە لە دیمانەیەکدا وتی: «وێنەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان لە هەموو جێیەکی ئەوێ هەن، ئەمە شتێکی سەرنجڕاکێشە، چونکە ئەوان بە گشتیی دژی پیرۆزاندنی سەرکردەن، ڕاستییەکەی ئەوان ئۆجالانی لێ بترازێت، وێنەی هیچ کەسێک کە لە ژیاندا مابێت هەڵناواسن، وێنەی شەهیدان لە گشت جێیەکە، بەڵام هەرگیز وێنەی کەسێک

هەڵناواسن لە ژیاندا مابێت، چونکە ئەوە نادیموکراسییە و کەسەکە دەکاتە سەرکردەیەکی کاریزمیی.›› هەروەها لە درێژەدا ئاماژە بە پەڕتووکەکانی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان دەکات و دەڵێت: «ئۆجالان بڕیاری دا دوانزە پەڕتووک بۆ خستنەڕووی ئەو تۆمەتانەی ڕەپاڵی خرابوون، بنووسێت.››

سەربار: گرەیبەر ئەم وتارەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ـدا بۆ ڕۆژنامەی گاردیان نووسیوە.

***

ساڵی ١٩٣٧ باوکم بۆ بەرگریی لە کۆماری ئیسپانیا خۆبەخشانە لە هێزە نێودەوڵەتییەکان دەجەنگا. ڕاپەڕینی کرێکاران بە پێشەنگایەتیی ئانارشیست و سۆشیالیستەکان بە کاتیی کودەتایەکی فاشیستیی ڕاگرت، سا لە بەشێکی زۆری ئیسپانیا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەی لێ کەوتەوە، ئەمەش بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی دیموکراسییانەی هەندێک لە شارەکان و جڵەوی کرێکاران بە سەر پیشەسازیی و دەسەڵاتی ژنانی لێ کەوتەوە.

شۆڕشگێڕە ئیسپانییەکان بە ئومێدی بنیاتنانی دیدگای کۆمەڵگایەکی ئازاد بوون تا هەموو جیهان پەیڕەوی بکەن. بەڵام زلهێزەکانی جیهان سیاسەتی «دەستێوەرنەدان»ـیان ڕاگەیاند و گەمارۆیەکی توندیان بە سەر کۆمارەکەدا داسەپاند. تەنانەت پاش ئەوەی هیتلەر و مۆسۆلینی واژۆشیان کرد، لێ دەستیان بە ناردنی سەرباز و چەک کرد تا

فاشیستەکان گۆشت و خوێن بگرن، جا دەرئەنجامەکەشی ساڵگارێک شەڕی ناوخۆ، ئەویش بە سەرکوتی شۆڕش و خوێناوڵترین کۆمەڵکوژیی ئەم چەرخە خوێنینەی لێ کەوتەوە.

هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ببمەوە گۆڤانی دووپاتبوونەوەی هەمان ڕووداو. مسۆگەر هیچ ڕووداوێکی مێژوویی هەرگیز دوو جار ڕوو نادات. هەزاران جیاوازیی هەیە لە نێوان ئەوەی ساڵی ١٩٣٦ی ئیسپانیا و ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕۆژاوا بە سێ پارێزگای زۆرینە کوردنشینی باکووری سووریاوە ڕوو دەدات. بەڵام هەندێک لێکچوونیان بە ڕەنگێک سەرنجڕاکێش و خەمهێنەرن، هەست دەکەم وەک کەسێکی دەستپەروەردەی نێو خێزانێکی سیاسیی کاریگەر بە شۆڕشی ئیسپانیا، ئەرکی منە بڵێم: ناتوانم گوێی خۆمی لێ بخەوێنم و تا دیسانەوە هەمان ڕووداو ڕوو بداتەوە.

هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکانی ڕۆژاڤا یەکێکە لە ناوچە گەشاوەکان - ڕەنگە زۆر درەوشاوە-ی نێو نێو ماڵوێرانییەکانی شۆڕشی سوریا. ڕۆژئاوا بە دەرپەڕاندنی بریکارەکانی ڕژێمی ئەسەد لە ٢٠١١ سەرەڕای دوژمنایەتیی نزیکەی هەموو دراوسێکانی، نەک هەر سەربەخۆیی خۆی پاراستووە، بەڵکوو تاقیکردنەوەیەکی دیموکراسی ناوازەشی کردووە. ئەنجوومەنی جەماوەریی وەک ناوەندی یەکلاکەرەوەی بڕیار بنیاد نراون، ئەنجومەنەکانیش بە هاوسەنگییەکی وردی نەتەوەیی هەڵبژێردراون (بۆ نموونە لە هەر شارەوانییەکدا لە سێ کاربەدەست، دەبێت کوردێک

و عەرەبێک و مەسیحییەکی ئاشووریی یان ئەرمەنیی بێت، و لانیکەم کاربەدەستێکیش لەو سێ کەسە دەبێت ژن بێت). هەروەها ئەنجوومەنی ژنان و گەنجان هەیە، بۆ لە داهێنانەوەیەکی سەرسووڕمێنی (ژنانی ئازاد)ی چەکداری ئیسپانیا، ‹سوپای فێمینیستیی جەنگی ناوخۆیی›، دەتوانین ئامەژە بە سوپای کۆمەڵگەیی یان ‹YJA-STAR› (یەکێتیی ژنانی ئازاد)، بکەین، لێرەدا «ستار» (ئەستێرەکە ئاماژەیە بۆ عەشتاری خوداوەندی دێرینی میزۆپۆتامیا)، ئەمانە بەشێکی زۆری ڕووبەڕووبوونەوە دژی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامییان لە ئەستۆیە.

چۆن دەبێت شتێکی ئاوا ڕوو بدات و کۆمەڵی نێودەوڵەتیی و تەنانەت سەرپاکی چەپی نێونەتەوەییش چاوی خۆیان لە ئاستیدا بپۆشن؟

وادیارە هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەیە پارتە شۆڕشگێڕەکەی ڕۆژئاوا، پارتی یەکێتیی دیموکراتیی (PYD) هاوپەیمانیی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ـیە، ئەم پارتە پارتیزانە مارکسییە لەساڵی ١٩٧٠ـوە لە جەنگێکی خەستوخۆڵدایە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپاش بە فەرمیی بە ڕێکخستنێکی «تیرۆریستیی» ناساندوویانە، چەپەکانیش بە ناتۆرەی ستالینیزم کەلایان خستوون. بەڵام ڕاستییەکەی پەکەکە ئیتر ئەو حزبە کۆن و پلەبەندە لینینییە نییە، کە ڕۆژانێک بوو. گۆڕانی ناوخۆیی پەکەکە و بیرگۆڕانی عەبدوڵڵا ئۆجالانی بنیادنەری، کە لە ساڵی ١٩٩٩ـەوە لە دوڕگەیەکی تورکیا زیندانییە، سەرپاکی ئامانج و تاکتیکەکانی

پەکەکـەی گۆڕیـوە، پارتەکـە ڕایگەیانـدووە ئیتـر دەوڵەتـی کوردیـی بەئامانـج ناگرێت. بەڵکوو پتـر سەرسـامی دیـدگای ئیکۆلۆژیسـتێکی کۆمەڵایەتیـی و ئەنارشیسـتی وەک مـۆرای بووکچینـە، دیـدگای «خۆبەڕێوەبەریـی شـارەوانی ئازاد»[٣]ـی هەڵبـژاردووە و داوا لـە کـوردان دەکات بەپێـی چوارچێوەیەکـی دیموکراسـیی ڕاسـتەوخۆ کۆمەڵگەی ئازاد و خۆبەڕێوەبـەر بڕسکێنن، جا پاشـان بە دەسنیژی شکاندنی سنوورەکان بچنـە پاڵ یەکتری؛ ئەو سنوورانەی هیوادارم لە درێژەی کاتتدا بێواتا بن. بەم شـێوەیە پێشـنیاری ئەوان ئەوەیە کە دەکرێت بەرخۆدانی کوردان ببێتـە ڕێنما بۆ بزووتنەوەیەکی جیهانی ڕووەو ئاسـۆی دیموکراسیی ڕاستەقینە و ئابووریـی هەرەوەزیـی و هەڵوەشـانەوەی پلەڕیـزی دەوڵەت-نەتـەوە بیرۆکراتـەکان.

لـە سـاڵی ٢٠٠٥ـەوە پەکەکـە بـە سرووشـوەرگرتن لـە سـتراتیژی یاخیبووانـی زاپاتیسـتەکان لـە چیاپـاس، ئاگربەسـتی تاکلایەنـەی لەگـەڵ دەوڵەتـی تورکیـا ڕاگەیانـد و هەوڵـی خـۆی بـۆ ڕەنگانندنـی دیموکراتیی لـە هەرێمەکانی ژێر جڵەویدا چڕ کردووەتـەوە، هەندێک جـار دەپرسـن بەڕاسـت ئـەم هەوڵانـە تـا چەنـد ڕژدن. ئاشـکرایە هێـزە دەسـەڵاتگەرەکان زینـدوون، بـەڵام ئـەوەی لـە ڕۆژاڤـا ڕووی

---

٣- Libertarian municipalis ڕێکارێکی سیاسییە و مۆرای بۆکچینی تیۆرساز ئانارشیست-سۆسیالیسـت ڕەنگڕێـژی کـردووە، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی تانوپـۆی ئەنجوومەنـی دیموکراتیـی هاونیشتمانییان لـە شـار و گەڕەکەکانـدا بچنێت، ئـەم ئەنجوومەنانـە لـە شـارە ئازادەکانـدا یـەک دەگـرن تـا کۆنفدراسـیۆنێکی دیموکراسـیی ڕاسـتەوخۆ جێ بـە دەوڵـەت لێژ بـکات، سـەرەڕای ڕامـان و شـیکاریی مێژوویـی کۆمەڵناسـیی و فەلسـەفی لەمـەڕ پێشـینەی کۆمەڵـی ئاسـۆیی و فرەیی و هەمەچەشنیی چاندیی و جڤاکیی و جوگرافیی کۆمەڵـی کوردەواریی و ئـەو وێنەیـەی بۆ چەمکی (گەلانـی زاگرۆس) دەیچنێت، بـەڵام هـاوکات گۆشـەنیگای ئۆجـالان بـۆ پەرچدانەوەی دەوڵـەت نەتـەوە هەڵگۆسـتەی ئـەم تیۆرەی بۆکچینـە.

دا شۆڕشـی سـووریا دەرفەتێـک بـوو بـۆ بـە ڕادیکاڵـە کـوردەکان تـا لـە خاکێکـی پانوپـۆڕ و یەکپارچـەدا تاقیکردنەوەیەکـی بـەم چەشـنە ئەنجـام بـدەن، نیشـاندەری ئەوەیـە ئەمـە چاوبەسـتەکیی نییـە. ئەنجوومـەن و مەجلیس و شـەڕڤانێتیی جڤاکیی پێـک هێنـران، سـامانی ڕژێـم درایـە دەسـت بەڕێوەبردنـی هەرەوەزیـی کرێـکاران، تێکـڕای ئەمانـەش هاوکاتـی هێرشـی یەکپشـووی هێـزە ڕاسـتڕەوە توندڕەوەکانـی داعـش. هەرچـۆن پێناسـەی شـۆڕشـی کۆمەڵایەتیـی بکەیـن، ئـەوا لەگـەڵ ئەنجامەکانـی لای سـەرێدا جـۆر دێنـەوە، لانیکـەم لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، ئـەم هەوڵانـە باڵکێشـن: بـە تایبـەت پـاش ئـەوەی هێزەکانـی پەکەکـە و ڕۆژاڤـا دەسـتێوەردانیکی سـەرکەوتووانەیان لـە جەنگـی داعـش لـە عێـراق کـرد، ئەویـش بـۆ ڕزگارکردنـی هـەزاران پەنابـەری ئێزدیـی گیرخـواردوو لـە چیـای شـەنگاڵ، ئەمـە پـاش ئـەوەی پێشـمەرگە لـە مەیدانەکـە هەڵاتـن. ئـەم هـەوڵ و کردارانـەش بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە ناوچەکـە بـەرز نرخێنـران، بەڵام بە نزیکەیی لـە ڕۆژنامەکانی ئەورووپا و ئەمریکای باکـووردا هـچ نرخێکیـان پـێ نـەدرا و ئاوڕیـان لـێ ندرایـەوە.

ئێسـتا، داعـش گەڕاوەتـەوە، بـە دەیـان تانکـی دروسـتکراوی ئەمریکا و تۆپهاوێژی قورسـی هێزەکانی عێراقـەوە، هاتـووە تـا تۆڵـە لـە پارتیزانـە شۆڕشـگێڕەکانی کۆبانـێ بکاتـەوە، ئـەوان نیـازی خۆیـان بـۆ کۆمەڵکوژیـی و بـە کۆیلەکـردن – بەڵـێ، ڕێـک بـۆ کۆیلەکردنـی سـەرپاکی دانیشـتووانی مەدەنیـی ڕاگەیانـد. لـەم بەسـتێنەشـدا سـوپای تورکیـا لەسـەر سـنوور وەسـتاوە و ڕێگریـی لـە گەیشـتنی هێـزی

پشتیوانیی و چەک و تەقەمەنیی بە بەرگریکەران دەکات، فڕۆکەکانی ئەمریکاش لە ئاسمانەوە ڤڕەیان دێت و ناوبەناو بۆ نمایش هێرشێک دەکەن، تا بتوانن بڵێن کاتێک دەوڵەتی ئیسلامیی کۆمەڵکوژیی پارێزەرانی دیموکراتیی دەکرد، ئەوان تەنێ سەیرکەر نەبوون.

ئەگەر ئەمڕۆ هاوشێوەیەکی مرۆڤکوژی وەک ڤالانجییەکانی بەرووکەش لایەنگری فرانکۆ هەبێت، ئەوا جگە لە داعش کێیە؟ ئەگەر هاوشێوەییەک لەگەڵ ژنە ئازادەکانی ئیسپانیا هەبێت، کێیە جگە لەو ژنە بەجەرگانەی بەرگریی لە سەنگەرەکانی کۆبانێ دەکەن؟ داخۆ جیهان، لە هەمووشی ئابڕووبەرانەتر چەپی نێونەتەوەیی – بەڕاستیی بەشدارە لەوەی ڕێ بدات تا مێژووە خۆی دووپات بکاتەوە؟

**سەرچاوە:**

1. .Why is the world ignoring the revolutionary Kurds in Syria? This article is more than 9 years oldDavid Graeber, The Guardian

٢. چرا جهان كردهاي انقلابي سوريه را ناديده ميگيرد؟ نويسنده: داويد گربر/ مترجم: رحمان بوذري، asranarshism.com

★★★